# پێی هیچ بەندەیەك ناجوڵێت لە ڕۆژی قیامەتدا هەتا پرسیاری لێدەکرێت

لە ئەبی بەرزەی ئەسلەمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێی هیچ بەندەیەك ناجوڵێت لە ڕۆژی قیامەتدا هەتا پرسیاری لێدەکرێت: تەمەنی لە چیدا بەسەربرد؟ وئەو زانستەی دەیزانی چی کردەوەیەکی پێ ئەنجامدا؟ ئەو پارە وسامانەی هەیبوو لە کوێوە پەیدای کرد؟ ولە چیدا خەرجی کرد؟ وهێز وتوانای لاشەی لە چیدا بەکارهێنا؟».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە ڕێگا نادات بە تێپەڕبوونی هیچ یەکێك لە شوێنی لێپرسینەوە بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ هەتاوەکو پرسیاری ئەم شتانەی لێدەکات: یەکەم: ژیانی لە چیدا بەسەربرد؟ دووەم: زانستەکەی ؛ ئایا لەپێناو الله فێری بوو؟ وئایا کردەوەی پێکرد؟ وئایا گەیاندی بە ئەوانەی شایستەن پێیان بگات؟ سێیەم: سامانەکەی لە کوێوە پەیدا کرد لەڕێگای حەڵاڵ یان حەرام؟ ولە چیدا خەرجی کرد؟ لە شتێك کە هۆکاری ڕەزامەندی یان تووڕەیی الله یە؟ چوارەم: لاشە وهێز وگەنجی لە چیدا بەکارهێنا؟

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4950